# كاروان عوسمان داریوشی ئێمە..... نیهاد جامی



قسەکردن لەئاستی هونەری گۆرانی بێژێکی وەک کاروان عوسمان، لەڕاستیدا پێویستی بەوەیە تایبەتمەندانی بواری میوزیکی کوردی لەبارەیەوە بدوێن نەوەک ئێمە، بۆیە ئێمە ئەو لایەنە فەرامۆش دەکەین و باوەڕمان وایە دەبێ پسپۆڕانی ئەو بوارە قسەی لەبارەوە بکەن، ئەوەی ئێمە هەڵوەستەی لەسەر دەکەین، دیدی ژیاندۆستی ناو گۆرانیەکانی کاروان و بەستنەوەیەتی بە بونیادەکانی ناو دنیای کوردی، بەتایبەت کە ئەو لەدۆخێکی تەمومژاویی بەعسیەکان کۆتاییان بەژیانی هێنا.

ئەگەر ئەو حیکایەتە تەواوی بونیادەکانی ڕاست بێت کە کاروان و هاوڕێکەی هاوڕییەکی تریان دەکوژن و پارەکەی بۆ دووکچە خوێندکاری ئەوسای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەدوو ئامێری پیانۆ دەدەن و سەرەنجام کاتێ کاروان بە پانکەی بنمیچی ژوورە تاریکەکانی بەعس هەڵواسراوەو سوورە لەسەر ئەوەی کە ئەوان ئەو پیاوەیان نەکووشتووە، دواتر کاتێ ئارێزی هاوڕێی چۆک دەدات لەبەردەم ئەشکەنجەو کاروان بەو دیمەنە دەبینێت، پێیان دەڵێت "پێویست بەو هەموو ئەشکەنجەیە ناکات گیتارێک بێنن من ئیعترافی پێ دەکەم" لێرەوە ئارێز لەژێر قاچەکانی کاروان گیتار دەژەنێت و کاروان هاوار دەکات "دامگرن تەواو ئێمە کووشتمان" دواتر کاتێ دادوەر پێی دەڵێ "بۆ کووشتتان؟ کاروان دەڵێت: ئەو بوونی زیاد بوو لەژیان"

ئێمە گریمانی ئەوە دەکەین تەواوی ئەو حیکایەتە ڕاستەو هیچ هەڵەیەکی تیا نیە، بەڵام ئایا ئەوەندە بەسە بە تۆمەتێکی بەعس ئێمە هونەرمەندێک بکەین بە پیاوکوژ؟ ئەی ئایا ئەمڕۆ بەوە ڕازی بین کە نووسەرانێک هونەری کاروان کوورت بکەنەوە لەناو شۆڕشگێڕیەتی و پێمان بڵێن ئەو کۆمۆنیست بوو؟ هەموو بەڵگەکانیشیان کوورت بکەنەوە لەناو تاکە گۆرانیەک کە لە زیندان ووتوویەتی؟ ئەو پرسیارانە دەبەستینەوە بەو حیکایەتەی ڕەوایەتی بە شەهید کردنی کاروان دەدات.

ئاخۆ پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئەو حیکایەتە ڕاست بێت ئاخۆ کاروان لەپێناو عەشقدا ئەو کارەی کردووە بەو بیانووەی کە دواتر ئامێری پیانۆی بەو پارەیە بۆ کچێک کڕیووە، ئەگەر وا بێت کاروان جوانترین پیاو کوژی ئێمەیە، دواتر ئەو دێرەی گوایە دەڵێت "بۆیە کوشتمان چونکە بوونی زیاد بوو لە ژیان" ئەو دێرە چەندە دڕندانە بێت هێندەش لەناو فانتازیای عەشق نوقمە

که ئەوانەی عاشق نین بوونیان زیادە لە ژیان، بەڵام هەموو ئەو حیکایەتانە بە گۆرانیەکی کاروان وەڵام ئەدرێتەوە، چونکە کاروان کە عاشقێک بێت و پێمان بڵێت "ئەو مرۆڤە وەک تۆ ژیانی پێخۆشە" بۆیە هەموو ئەو حیکایەتە هەڵبەستراوەی بەعس تەنیا درۆیەکە بە بەڵگەی ئەوەی کاروان کە وا گۆرانی بڵێت قەت هی ئەوە نیە کە پیاو کوژ بێت، تەنانەت کە دەبینین پیاوکوژە ڕاستەقینەکە تا ئەمڕۆش بەهەمان ڕەزمی ڕابردووی کەسێکی چەکدارە.
کاروان وەک گۆرانی بێژ دەنگێکە گوزارشت لەنەوەیەکی خەونبین دەکات دەنگێک هەمیشە لەگەڵماندایە، ئەو لەماوەی تەمەنی هونەری خۆیدا توانیوویەتی لەڕێگەی 30 گۆرانیەوە گوزارشت لە بوونی ئێمە بکات، ئەو عاشقێک بوو بە ژیان لەشوێنی ئێمە قسەی دەکرد، بۆ کاروان گۆرانی خەمی هاوبەشی هەموومان بوو، بەڵام ئەو خەمەکانی ئێمەی کرد بە ئاوازی گیتارێکەوە تاوەکو قسە لە لابردنی ئەو تەمە بکات کە هەڕەشە لەخەون دەکات، بۆیە کاروان لەژیاندا دوو قۆناغی زۆر سەیر لە گۆرانیەکانیدا دەردەکەوێت ئەو دەمەی ئەو عاشقێکی سەر شەقامەکانە گۆرانیەکانی باس لە مەرگ دەکەن ئەوە ڕەشبینی نیە بۆ مردن، بەڵکو هەستکردنە بە پانتایی عەقڵیەتی فاشیزم کە چۆن دەیەوێ ئارەزووەکانی ژیاندۆستی بشێوێنێت.
ئەوەش وای دەکرد کە هەست بەوە بکات کە شادی بوونی نیە جەژن بە ژەهر ببینێت، کاروان ویستوویەتی نەورۆز دەلاقەیەکی تر بێت بۆ جوانی.. ئەوە پیرۆزکردنی ڕابردوو نەبووە، بەڵکو دەروازەی چوونە ناو جوانی بوو، کاروان کە کوردستان بکات بە گۆرانی و بە ماڵ ودنیا ناوی بەرێت لە قۆناغێکدا کە بەعس خەریکی ئەنفال کردنی کوردە، لە سەردەمێکدا کە بەعس ئەیەوێت توێژو چینەکان لەکۆمەڵگای کوردی دەستکاری بکات ئەو باس لە جادە چۆلەکانی کەرکوک دەکات کە ئاماژەی ڕاستەوخۆیە بۆ ئەو ستەمەی فاشیزمی بەعسی لە دنیای ئێمە خولقاندوویەتی.. لەگەڵ کیمیا باران کردنی هەڵەبجە و ئەو دەمەی گۆرانی بێژەکان هەندێکیان بەعس دەرگای تۆمارکردن و تەلەفزیۆنەکانی بۆ دەکاتەوە کەچی کاروان ئەو دەمە بە گیتارەکەیەوە باس لە ماریش گۆپکەی لەسەر بەرد بوو بۆ نەتان دیتمان پێ بڵێت.. ئەو دەمە هەڵەبجە بە شەوی ڕەشی هەڵەبجە ناو بەرێت.. ئیدی کاروان بەر لەهەموو کەسێک لەوە تێدەگات کە ئەو دەمرێت، بەڵام دەیویست ژیان بکاتە پانتاییەک کە ئەمرۆ ئێمە لەڕێگەی گۆرانیەکانیەوە ئێنتیما بۆ جوانی بکەین، هەر ئەوەش بوو وای لە کاروان کرد هەر زوو بڵێت "بابە ئەرۆم بەجێت دێلم" پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کاروان عوسمان ئاوا سەیری ژیانی کردبێت دڵنیابووە لە قەدەری مردنی خۆی، ئاخۆ ئەو ئەتوانێ پیاو کوژ بێت؟ یا پیاو کوژی بیانوویەکە بۆ کوشتنی ئەو دەنگە عاشق بە ژیانەی ئێمە؟ ئەگەر کەسێک پیاو کوژ بێت ئاخۆ بە گیتارێک و ئاوازی گۆرانیەک ئەڵێت دامگرن ئێمە کوشتمان ئەو دەستەی بەر ژێی گیتار بکەوێت و بکەوێتە ناو قژی ژن و لەتووڕەبوونەکانی یار بڵێت "کچێ بۆچی لێم تۆراویی ئاسکی گەردن خوێناوی" ئەو چۆن ئەتوانێت پیاو کوژ بێت، پیاو کوژی لەڕاستیدا بیانوویەکە بۆ کوشتنی هونەر و ئارەزووی ژیانی ئەو عاشقە.
قۆناغی دووەمی گۆرانیەکانی کاروان لە زیندان دەست پێ دەکات، ئەگەر لە گۆرانیەکانی قۆناغی یەکەمیدا ئەو دەمەی ئەو لە شەقامدا و لەناو سرووشت دایە باس لە مەرگ دەکات، کەچی لە قۆناغی دووەم ئەو دەمەی لە ژووری زیندانە و ئەزانێت کە لە سێدارە دەدرێت کەچی کاروان ئەمجارە باس لە ژیان دەکات ئەوە قسە کردنە لە جوانی ژیان ئەو هەمیشە خەونی بۆ ژیان لە ترسی بۆ مەرگ گەورەتر بوو بۆیە لەو ساتانەدا پێمان دەڵێت "ئەو دەرگایەم لێ بکەنەوە چاوم

سەوزایی خۆش ئەویت"..... "بیرکەرەوە ئاین نەبێت بەهەشت نەبێت دۆزەخ نەبێت غەیری ئاسمان چیتر نەبێت"

ئەوە بانگەوازێکە بۆ ئازادی.. ئازادی بۆ کاروان ئازادیەکی فەردانی ڕووت نیە، بەڵکو ئازادی خەونی فەردە "بەهیوام تۆش رۆژانێک بێیت" کاروان مرۆڤێک بوو لەپێناو یاخی بوونە فەردانیەکانی خۆی ژیا نەوەک وەک ئەمڕۆ هەندێک دەنگی ئایدیۆلۆژی ئەیانەوێ بەهۆی گۆرانی "ئەو دەرگایەم لێ بکەنەوە" کاروان لە ئێمە بکەن بە کۆمۆنیست.. چونکە گەڕانەوە بۆ تێکستی ئەو گۆرانیە بەتەنیا بەس نیە بەتایبەت کە ئەو بەشێکی زۆری لە تێکستەکە لابردووە تەنیا رەهەندە ئازادیخوازانەکەی بۆ ژیان وەرگرتووە، خۆ ئەگەر بیانووەکەش شیعرەکە بێت ئەو پێشتر شیعری (سەربازی وون) ی کردووە بە گۆرانی ئەوەش هەموو ئەو بیانووە ئایدیۆلۆژیانە دەرووخێنێت، چونکە لە ڕاستیدا کاروان عوسمان داریوشی ئێمە بوو نەک کۆمۆنیست و ناسیۆنالیست.. کاروان ئەو دەنگە جوانەی ناو ژیانمانە نایەڵین سیاسیەکان لێمانی ناشیرین بکەن، ئەمڕۆ حزبی کوردی کۆمەڵێک موهەریجی بۆ هەڵبژاردنەکانی داناوەو ئەشیەوێ بیانووی بەعسمان بۆ بکەن بە حەقیقەت بەوەی کاروان پیاو کوژ بووە نابێت گوێ لە گۆرانیەکانی بگیرێت، حزب لە دنیای ئێمەدا کە دەستەکانی پڕن لە خوێن کەچی عاشقێک کە خەونی فەردگەرایی لەڕێگەی گۆرانی بۆ ئێمە هێنایە بوون ئەوە بنیاتنانی جوانی بوو ئەو بۆ ئێمە داریوش بوو هەمیشە بە داریوشی ئێمەش ئەمێنێتەوە، چونکە خەون بۆ ژیان و خەون بۆ داهاتوو بۆ ساتەکانی بوون لەناو گۆرانیەکانی ئەودا دەبینین ئێمە هەمیشە لەناو گۆرانیەکانی کارواندایین ژیانمان هەمیشە لەوێوە دەست پێدەکات، کاروان لەدوا وەسیەتی بەچەند سەعاتێک بەر لەسێدارە دانی بە کامەرانی برای دەڵێت "ئیتر من دەمرم، کاروان من پیاوکوژ نەبووم وپیاوکوژ نیم، بەوانە بڵێ کە گوێ لە کاروان عوسمان دەگرن، بۆیان ڕوون بکەرەوە کە کاروان پیاو کوژ نیە"

ئیدی حەقیقەتی مەرگی کاروان لەسێدارەدانی دەنگێکە بۆ ئەوەی دەنگی کپ بکەن ئەگەر بەعس نەیتوانی کاروان لەلای ئێمە ناشیرین بکات ئەوە موهەریجەکانی دنیای کوردی و هێزە ئایدیۆلۆژیەکانیش ناتوانن کاروان لە ئێمە زەوت بکەن، بەدڵنیاییەوە کاروان بەهەموو ناسکیەوە لەناو گۆڕیشدا بەو قسانە دەرەنجێت، بۆیە لەسەر هەموومانە کە بێدەنگ ئەبین ببین بە زمانی ئەو، ئەو دەمەی گۆرانیمان بۆ دەڵێت ئەبین بە کۆڕالی دەنگی و پێی ئەڵێن "وەرە ئازیز مەرەنجێ"